پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو ونزای کرد بۆ کوژراوەکانی جەنگی ئوحود پاش هەشت ساڵ وەکو ئەوە وابێت مااڵئاوایی بکات لە زیندووەکان ومردووەکان

لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو ونزای کرد بۆ کوژراوەکانی جەنگی ئوحود پاش هەشت ساڵ وەکو ئەوە وابێت مااڵئاوایی بکات لە زیندووەکان ومردووەکان، وپاشان چووە سەر مینبەرەکە، وفەرمووی: «من لە پێش ئێوە دەبم ودەبم بە شاهێد لەسەرتانەوە وشوێنی پەیمانپێدراو لە لای ئێوە گۆاڵوەکەیە -حەوزی کەوسەر-، من ئێستا لێرەوە سەیری دەکەم، من ناترسم لەوەی شیرک وهاوبەش پڕیاربدەن (بۆ خوای گەورە)، بەاڵکو لەسەرتان دەترسم لە دونیا کە کێبڕکێی لەسەر بکەن»، (گێڕەرەوەی فەرموودەکە) دەڵێت: ئەوە دواین جار بوو سەیری پێغەمبەری خودام کرد -صلى الله عليه وسلم-. ولە گێڕانەوەیەکدا (فەرمووی): «بەاڵکو لەسەرتان دەترسم لە دونیا کە کێبڕکێی لەسەر بکەن هەروەکو چۆن ئەوان (خەاڵکانی پێشووتر) کێبڕکێیان لەسەری کرد؛ بۆیە ئێوە تیا بچن هەروەکو چۆن ئەوان تیا چوون»، عوقبە دەڵێت: ئەمە دواین جار بوو کە پێغەمبەری خودا بینی -صلى الله عليه وسلم- لەسەر مینبەر. ولە گێڕانەوەیەکدا (فەرمووی): «من لە پێش ئێوە دەبم ودەبم بە شاهێد لەسەرتانەوە والله ئێستا سەیری گۆاڵوەکەم (حەوزی کەوسەر) دەکەم، ومن کلیلی خەزێنەکانی سەر زەویم پێبەخشراوە، والله من ناترسم لەوەی شیرک وهاوبەش پڕیاربدەن (بۆ خوای گەورە) لە پاش من، بەاڵکو لەسەرتان دەترسم لە دونیا کە کێبڕکێی لەسەر بکەن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو ونزای کرد بۆ شەهیدەکانی جەنگی ئوحود ئەمە پاش هەشت ساڵ لە تەواوبوونی جەنگەکە، پاشان چووە سەر مینبەرەکە وەکو ئەوە وابێت مااڵئاوایی بکات، وباسی ئەوەی کرد کە ئەو ئێستا حەوزی کەوسەر دەبینێت ولە پێش ئەوان لەسەر حەوزەکە دەبێت، وئەو شاهێدی لەسەر ئەوان دەدات، وباسی ئەوەی کرد کە ئومەتەکەی دەبنە خاوەنی کلیلی خەزێنەکانی سەر زەوی، وباسی ئەوەی کرد -صلى الله عليه وسلم- کە ناترسێت لەوەی ئومەتەکەی تووشی شیرک بن، بەاڵکو دەترسێت لەوەی کە دونیا لەسەر ئومەتەکەی فراوان دەبێت وکێبڕکێی لەسەر بکەن وبەکتر بکوژن؛ وئەمیش دەبێتە هۆی تیاچوونیان هەروەکو چۆن بووە هۆکاری تیاچوونی ئومەتانی پێشووتر. وعوقبە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەوە کۆتا جار بوو کە پێغەمبەری خودا بینی -صلى الله عليه وسلم- لەسەر مینبەر.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8410